# Commonwealth Ombudsman

لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکانی کۆمنوێلس (The Commonwealth Ombudsman) نوسینگەیەکی سەبەخۆیەو لەو سکاڵایانە دەکۆڵێتەوە کە لە دەزگاو فەرمانگە حکومییەکانی ئوستراليا دەکرێن.

## ئەرکی نوسینگەی لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman)

لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman) دەتوانێت لە هەموو ئەو سکاڵایانە بکۆڵێتەوە کە لە دەزگاو فەرمانگە حکومییەکانی ئوستراليا دەکرێن، وەک سێنتەرلینک (Centrelink)، نوسینگەی باج ( Taxation Office)، دەزگای پشتیوانی لە منداڵ (Child Support Agency)، وەزارەتی کۆچ (Department of Immigration) و پۆستی ئوستراليا (Australia Post).

لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman) لە کردار و بڕیارەکانی حکومەتی ئوستراليا دەکۆڵێتەوە تا بزانێ داخۆ کردار و بڕیارەکان هەڵەن، ناعادیلن، ناياسايين يان دەمارگیريانەن.

لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman) بێلایەنە و هەوڵدەدات بگات بە ئاکامێکی ڕەوا.

لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman) هەوڵدەدات بۆ چاکترکردنی دەزگا حکومییەکان.

## دەسەڵاتەکانی لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman)

لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman) دەسەڵاتێکی بەربڵاوی هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان، وەک، دەسەڵاتی داواکردنی دۆکومێنت لە فەرمانبەراکان یان پرسیارکردن لە فەرمانبەرەکان.

ئەگەر لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman) کەموکوڕییەک لە بەڕێوەبردن بدۆزێتەوە، ئەوە دەتوانێت پێشنیازێک پێشکەش بە دەزگا بەرپرسەکە بکات کە: کەموکوڕییەکە چاکبکەنەوە، حەق بۆ حەق لێخوراو بگێڕنەوە، ڕێوشوێن و سیاسەتەکان بگۆڕن، یان قەرەبۆ بژمێرن.

# چۆن سکاڵا پێشکەش دەکەیت

دەبێ یەکەمجار پەیوەندی بەو دەزگایەوە بکەیت کە سکاڵات لێی هەیە. لەوەنەیە بەشی سکاڵاکردنیان هەبێت و بتوانن یارمەتیت بدەن. ئەگەر یەکەمجار ئەم هەوڵەنەدەیت، لەوانەیە ئێمە لەم قۆناغە لە سکاڵاکەت نەکۆڵینەوە. ئەگەر سکاڵاکەت گەیاند بە دەزگاکەو لە ئاکامەکەی رازی نەبوویت، ئەوە دەتوانیت داوای یارمەتی لە لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman) بکەیت.

دەتوانی لە ڕێگەی تەلەفۆن، فاکس یان ئیمەیل سکاڵاکەت بنێریت یان بەخۆت بێیت و بە نوسین یان لەسەر ئینتەرنێت فۆرمی سکاڵا پڕبکەیتەوە لەم ماڵپەڕە www.ombudsman.gov.au

کەسێکی دیکە دەتوانێت لەجیاتی تۆ سکاڵا پێشکەش بکات، بەڵام ئێمە لەوانەیە پەیوەندییت پێوەبکەین بۆ وەرگرتنی رەزامەندی تۆ تا درێژە بە پرۆسەکە بدەین.

تۆ دەتوانیت تەلەفۆن بۆ لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman) بکەیت بەنرخی تەلەفۆنێکی لۆکاڵ، لەسەر ئەم ژمارەیە 1300 362 072.

ئەگەر ئینگلیزی نازانیت، ئەوە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی خزمەتگوزاری وەرگێڕان Translating and Interpreting Service (TIS) یارمەتیت بدەین، تەلەفۆن بۆ 131 450 بکە.

## خزمەتێکی نهێنیپارێزراو بەخۆڕاییە

لێکۆڵینەوە لە سکاڵاکان نهێنیپارێزراون. لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکان (Ombudsman) خزمەتێکی بەخۆڕاییە.

# تۆ مافی سکاڵات هەیە

ئەم زانیارییانە تەنیا رێنماییین. بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بە لێکۆڵەرەوەی سکاڵاکانی کۆمنوێلس (Commonwealth Ombudsman) بکە.

## پەیوەندی بکە

**پرس و ڕا:** 9.00 بەیانی تا 5.00 ئێوارە، دووشەممە تا هەینی
**تەلەفۆن:** 1300 362 072
(بەنرخی تەلەفۆنێکی لۆکەڵ. تەلەفۆن لە مۆبایلەوە بەپێی نرخی تەلەفۆنی مۆبایل حسابدەکرێت)

ئیمەیل: ombudsman@ombudsman.gov.au
ماڵپەڕ: www.ombudsman.gov.au

## نوسینگەکانمان

**ADELAIDE**
تەلەفۆن: 1300 362 072
فاکس: 08 8226 8618
Level 5, 50 Grenfell Street
Adelaide SA 5000

**BRISBANE**
تەلەفۆن: 1300 362 072
فاکس: 07 3229 4010
Level 17, 53 Albert Street
Brisbane QLD 4000

**CANBERRA & NATIONAL OFFICE**
تەلەفۆن: 1300 362 072
فاکس: 02 6249 7829
GPO Box 442
Canberra ACT 2601

Ground Floor, 1 Farrell Place
Canberra City ACT 2600

**DARWIN**
تەلەفۆن: 1300 362 072
فاکس: 08 8999 1828
GPO BOX 1344, Darwin NT 0801

Level 12, NT House
Cnr Bennett & Mitchell Streets
Darwin NT 0801

**HOBART**
تەلەفۆن: 1300 362 072
فاکس: 03 6233 8966
GPO Box 960
Hobart Tas 7001

Ground Floor
99 Bathurst Street
Hobart TAS 7000

**MELBOURNE**
تەلەفۆن: 1300 362 072
فاکس: 03 9867 3750
Level 1
441 St Kilda Road
Melbourne VIC 3004

**PERTH**
تەلەفۆن: 1300 362 072
فاکس: 08 9221 4381
PO Box Z5386
St Georges Terrace
Perth WA 6831
Level 12, St Martin's Tower
44 St Georges Terrace
Perth WA 6000

**SYDNEY**
تەلەفۆن: 1300 362 072
فاکس: 02 9211 4402
PO Box K825
Haymarket NSW 1240

Level 7, North Wing
Sydney Central
477 Pitt Street
Sydney NSW 2000

## خزمەتگوزاری دیکەش هەن ئاسانکاری بۆ سکاڵاکردن بکەن

ئەگەر ئینگلیزی باش نازانیت، ئەوە ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی خزمەتگوزاری وەرگێڕان Translating and Interpreting Service (TIS) یارمەتیت بدەین، تەلەفۆن بۆ 131 450 بکە.
ئەگەر تۆ چاوت بێهێزە، لاڵی یان کەڕی ئەوە خزمەگوزاری TTY (TTY Service) هەیە کە یارمەتیت بدات، تەلەفۆن بکە بۆ خزمەگوزاری جێگۆرکێی نیشتیمانی (National Relay Service) لەسەر ئەم ژمارەیە 133 677.